## حکومەتی ئیسرائیل هێندەی حیزبەکەی خوا تیرۆریستە ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

نە مەبەستی سەرەکی حیزبوولا لە فڕاندنی دوو سەربازی ئیسرائیلی بۆ بەردانی زیندانیانی لوبنانییە، وە نە مەبەستی ئەم بۆردومانە درندانە و وەحشیانەیەی ئیسرائیل لە سەر لوبنان، بۆ ئازادکردنی ئەو دوو سەربازەیە.
ئەمە شەڕی ئیسلام و جولەکە نییە وەک هەندێ جۆرنالیستی ساویلکە و بێتەجرەبەی باڵی ڕاست لە غەربدا ئیدیعای ئەکەن، وە ئەو پرسیارەی کە هەر ئەم جۆرنالیستانە ئەیوروژێنن و لە خەڵکی ئەکەن کە ئایا دیفاع لە کامیان ئەکەی حیزبوولا یان ئیسرائیل؟ پوچە هێندەی پوچی ئەو وتەیەی کە جۆرج بوش لە دوای 11ی سێپتەمبەر وتی (ئەوەی لە گەڵ ئێمە نەبێت لە گەڵ تیرۆریستانە) .
ئەمە شەڕی تیرۆریستەکانە، شەڕی باڵی ڕاست و فاشیست لە ئیسرائیل لەگەڵ حیزبوولای تیرۆریستە، کە قوربانیانی ئەم شەڕە خەڵکی بێتاوانە، قوربانی ئەم شەڕە خاپورکردنی ژێرخانی وڵاتێکە بەتەواوەتی.
ئەمە کێشەی بەینی ئیدارەکەی بۆشی تیرۆریست و مەلا تیرۆریستەکانی ئێرانە،
ئەمریکا کە لە عێراقدا تێکشکاوە، بە کاولکردنی لوبنان، لە عێراقدا نایباتەوە.
هەر وەک چۆن لە ئەنجامی هێرش بۆسەر عێراق هەموو بیروڕایەکی کۆنەپەرست و تیرۆریزمی ئیسلامی گەشەی کرد، لە ئەنجامی ئەم هێرشەی ئیسرائیلیش بە هەمان چەشن.
ئەم کارە تیرۆریستیی و ملهوڕانەیکە ئیسرائیل ئەنجامیان ئەدات، هۆکاری مانەوە و گەشەکردنی حیزبوولا و ئیسلامی سیاسییە بەگشتی.
ئامانجێکی سەرەکی ئیسرائیل لەم هێرشە بەربەریەی دەستیداوەتێ، ئەوەیە کە لە سبەی ڕۆژی گفتووگۆکاندا فەلەستینێکان ناچار بکات تا ڕازیبن بەوەی خۆی بۆی داناوون.
جۆرج بوش چونکە خۆی تیرۆریستە ناتوانێت تیرۆریزمی ئیسلامی بنەبڕ بکات، بەڵام هەر کەس و لایەن و دەوڵەتێک ئەگەر بیەوێت تیرۆریزمی ئیسلامی نەهێڵێ ئەوا هەنگاوێکی زۆر کارا لەو ڕاستایەدا، چارەسەری عادیلانەی کێشەی خەڵکی فەلەستینە، ئەو کێشەیەی کە هەموو ئیسلامی سیاسی لە سەری ئەلەوەڕێت.

19/7/2006